# سەرانی کوردایەتی لەپاڵ پەیامە شۆفینیستیەکەی یاوەردا راوەستاون

## ئەمجەد غەفور

هەردوو حیزبی ناسیۆنالستی کوردی دەسەلاتدار لە کوردستانی عیراقدا کە هەمیشە کیشەیان لە بەرامبەر دەولەتی عیراقدا بەشداری کردنی دەسەلات بووە نەك کیشەو خواستەکانی خەلکی کوردستان، نوینەرەکانی ئەم جارەشیان کە جیگری سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیرانن، بێ دەنگ‌و گوێ رایەل‌و سەرکز بۆ راگەیاندنە فاشستیەکەی یاوەر کە دەفەرموێ "رافرندۆم خیانەتەو جیابونەوەی کوردستان کفرە" سوجدە ئەبەن، چونکە بەرژەوەندی حیزبەکەیان‌و مەوقعیەتی ئیداریان زۆر پایەدارترو پیرۆزترە لە چارەنوسی خەلکی کوردستان، ئەوانە گەر یەك زەرە بەتەنك بەرژەوندیەکانی خەلکی کوردستانەوە بونایە، هەتا ریزی شەخسیەتی خۆیان‌و کەمێ گیانی ئینسان دۆستیان بەلاوە بوایە، بۆ یەك چرکە نەدەوەستان تا لەبەرامبەر راگەیاندکەی یاوەردا بیان کردایە بە هەرایەك لە جیهاندا دەنگ بداتەوەو بۆ ئەو مەبەستە دەستیان لە وەزیفەی ناو حکومەتی عیراق بکشاندایەتەوە، فرسەتیکی گەورەو عەمەلیە، بەلام دیارە ئەو داوایە لەوان سەختە، چونکە نە ئەو پایە مەزنە بە خۆیان رەوا دەبین کە بۆیەك جار لە ژیانی سیاسیاندا لایەك لە خەلکی کوردستان بکەنەوە، نە رۆحی خیانەت بە ناسیۆنالستی‌و کۆنەپەرستی حیزبەکانیان ئەو فرسەتەیان پێ ئەدا.

لەلایەکی ترەوە لە راگەیاندنەکەی یاوەردا ئەوەمان زیاتر بۆ دەر ئەکەویت ئیتر ئاسودەیی‌و جیگیری سیاسی بۆ خەلکی کورستان لە سایەی دەولەتی ئیستای عیراق‌و نەخشەکانی داهاتووی ئەو دەولەتەدا زۆر زەحمەتە، هەروەها سیاسەتی حیزبەکانی کوردایەتی لە حکومەتی ئیستای عیراقدا زیاتر ئەوە رۆشن دەکەنەوە کە خەتارناکترن لەسەر چارەنوسیکی گەش‌و رۆشن بۆ خەلکی کوردستان، بۆیە جیابونەوەی کوردستان بۆتە مەسەلەیەکی جدی‌و چارەنوس سازو دەست بەجێ.

بۆ ئەوەی خەلکی کوردستان پاریزراو بن لە زولم‌و سەرکوتی شۆفینزمی عەرەبی‌و هەرەشەی دەستەو تاقمی ئیسلامی سیاسی، زیاتر بە دوور بن لەم وەزعە چەنجال‌و سیناریو رەشەی ئیستای عیراق، رزگاربن لە تەوەهم بە ناسیونالستی کورد، جیابونەوەی کوردستان ریگەی سالم‌و خیرایە بۆ پاراستن‌و دوور خستنەوەی خەلکی کوردستان لە دەردی سەری و بەلاکانی ناجیگیری‌و نادیاری وەزعی سیاسی لە عیراقدا.

بەرگرتن بە حەرەکەتی جیابونەوەی کوردستان‌و بەرگرتن بە دامەزراندنی دەولەتیکی سکولارو غەیرە قەومی خیانەتە بە بەرژەوەندیەکانی خەلکی کوردستان، نەك ئەوەی جیابونەوە کفر بیت.

واقعیەتی سیاسی عیراق لە بالادەستی ناسیۆناستی عەرەبی‌و ئیسلامی سیاسی نەپاریزراوەو وەك دوو بزووتنەوەی کۆنەپەرست مەترسیان لەسەر ژیانی خەلکی عیراق بەردەوامەو لە مەیدانی سیاسی عیراقدا دەوری خەتارناك لەسەر چارەنوسی سیاسی عیراق دەبینن، بە مانایەك هیرشەکەی ئەمریکا بۆسەر عیراق‌و مانەوەی هیزەکانی وەك داگیرکەر ئەم دوو بزووتنەوە کۆمەلایەتیە کۆنەپەرستەو حەرەکەتیان لە ئاستیکی تردا گەشەپیداوە.

تەرح‌و سیاسەت‌و حەرەکەتی ئەو دوو بزووتنەوە کۆنەپەرستە، پاش روخانی حکومەتی صدام، هەولدانە بۆ سازدانەوەی دەولەتی عیراق لەچوارچیوەی سەلب کردنی ئیرادەو دەوری جەماوەری خەلکی‌و پێشیل کردنی ئازادیە سیاسی‌و کۆمەلایەتیەکان، لە قالبدانەوەی وەزعیەتی سیاسی عیراق‌و کوردستانە لە چوارچیوەی نەخشەی کیشمەکیشی نائنسانی نیوان بزووتنەوەی ناسیۆنالستی‌و ئیسلامی سیاسی‌و دەولەتی ئەمریکادا.

ریکخستنەوەی حکومەتی دەستسازی ئیستای ئەمریکا لە عیراقدا لەسەر بنەمای بەرژەوندی سیاسی ئەو بزووتنەوە کۆنەپەرستانەو کیشمەکیشی نائنسانیان پەیرەوی کراوە، دەولەتی دەستکردو پرۆسەی هەلبژاردن لە ئایندەدا لە هەمان چوارچیوەدا بەردەوامی بەخۆی ئەدات، بەردەوام دژ بە ئامانج‌و خواستە پیشرەو و هاوچەرخەکانی خەلکی عیراق‌و کوردستان بەرهەم دیتەوە.

لە سایەی هەلومەرجیکی بەو جۆرەدا ئومیدی ئاسودەیی‌و جیگیری سیاسی لە عیراق‌و کوردستاندا بەبێ نارزایەتی فراوانی خەلکی‌و گەشەو بەهیزبونی بەرەی علمانی‌و ئازادی خوازو رادیکال و کۆمۆنستی کریکاری ئمکانی نابیت.

لەسەر بنەمای هەمان میژووی ئایدۆلۆژی ناسیۆنالستی‌و شۆفینستانەی عەرەبیە ، یاوەر وەك نوینەری رەسمی ئیستای دەولەتی عیراق جورئەتی ئەوەی هەیە رادەگەیەنێ "رافرندۆم خیانەتەو جیابونەوەی کوردستان کفرە".

ئەم بریارە لە سەرۆك كۆمارەوە تەنها قسەیەكی فرێداروی یاوەر نییە، راگەیاندنی رەسمی دەولەتیكە بەناوی پاراستنی یەك پارچەیی عیراق‌وپەیوەست بونی ئەم وولاتە وەك بەشیكی جیهانی عەربی، هەنگاویكە لە پیناو چەسپاندنەوەی دەولەتیكی ناسیۆنال شۆفینستی پەیوەست بە بەرژەوەندیەكانی دەولەتی ئەمریكا، توندكردنەوەی رۆحی نەتەوەگەریە بۆ بەرگرتن بە نارەزایەتی كریكاریو جەماوەری، بۆ بەرگرتن بە هەر حەرەكەتیكی علمانیو ئنسان دۆستیو ئازادی خوازیو یەكسانخواز لە ناوچەكەدا، بەرگرتنە بە رزگاربونی خەلكی كوردستانو خواستی جیابونەوە.

هەلویست نەگرتنی سیاسیو عەملی سەرانی ناسیۆنالستی كوردی لە بەرامبەر راگەیاندنی شۆفینستانەی یاوەردا، بە تایبەتی كە بەشدارن لە دەسەلاتدا مانای شەراكەتیانە لەو راگەیاندنەداو هەر هەرەشەو مەئاساتیك رووبەرووی خەلكی كوردستان دەبیتەوە، ئەوەمان پێ رادەگەیەنن كە تەواو چونەتە خزمەت قازانجی بەهیزبونی بزووتنەوەی ناسیۆنالستی عەرەبیەوە، دەبیت ئیمەش مەحكومیان كەین.